کام جیهانبینی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا؟.. سەدیق سەعید ڕواندزی

دەستواژەی جیهانبینی شیعری کوردی، کە چەند ساڵێکە بە شێوەیەکی فراوان هاتۆتە نێو ئەدەبی کوردی و بە بەردەوامی دەگوترێتەوە و ئاماژەی پێ دەدرێت، بە بۆچوونی من گوزارشتێکە، جارێ لە گیروگازی زەمەنی و مێژوویی تێدایە، چونکە جیهانبینی شیعری کوردی لە هەموو قۆناغ و سەردەمێکدا، هاوکات لە ڕووی تیمە و بابەت و گوتاری شیعرییەوە، هاوشێوە و هاوتای یەکتری نین، بەڵکو بە پێی واقیعی کۆمەڵایەتی و ئەو ڕووداوانەی پەیوەندییان بە شیعر و گوتاری شیعرییەوە هەیە، دەگۆڕێت. بۆیە ناتوانرێت ئەزموونی شیعری کوردی، لە قۆناغێکی دیاریکراودا، یا خود لە چەند دەیەیەکدا، کورت و چڕ بکرێتەوە لە تیمەیەکی شیعری دیاریکراو نیشان بدرێن، چونکە ئەزموونەکان جیاوازن. شیعری کوردی، بە تایبەتیش لە قۆناغی پێش ڕاپەڕیندا، جارێک جیهانبینی هەیە، کە خۆی لە پرسی نەتەوە و نیشتمان، بەرگریی و مانەوە، پارێزگاریکردن لە شوناسی نەتەوەی خۆی دەبینێتەوە، بۆیە نەک هەر ناتوانین ئەو بابەتە لە شیعری ئەو قۆناغە دەرهێنین، بەڵکو هەر لەکەلێنەوەیەک لە شیعری کوردیدا لەو قۆناغە، بە بە ئاماژەدان بەو گوتارە شیعرییە، شوێنی خۆی ناگرێت. ئەمە وەرای ئەوەی چەمکی هاوچەرخ بە مانای نوێگەرێتی لە هەموو سەردەم و قۆناغێک نایەت. دەشێ ئەوەی ئەمڕۆ نوێ و هاوچەرخە، لە داهاتوودا کۆن ببێت و بەهەندی نوێگەرانەی خۆی نەمێنێت، لە بەر ئەوەی هاوچەرخبوون پەیوەندی بە قۆناغ و سەردەم و دیاردەکانی ژیانەوە لە هەموو ڕووکەوە هەیە. لەڕوەش جیهانبینی شیعری هاوچەرخی کوردی، لە ڕووی مانایەوە هەڵگەی گیرو گازە. لەو ڕوانگەیەوە، کتێبی (جیهانبینی شیعری کوردی) کە لەکەلێنەوەیەکە لە گوتاری شیعری کوردی، لە قۆناغەکانی نێوان ساڵانی 1970 تاکو 2012، شێوەی ئەو بابەتانە دەکات، کە وەک تیمەی سەرەکی دەقی شیعری لەو سەردەمەدا، هەڵگدانەوەی لە شیعری کوردی هەبووە. بەگومان ئەم ناونیشانە، بە بە پەلەنکردنی زەمەنی و مێژوویی، جارێک لە ناهەشنی لە ڕووی ناوەڕۆک و بابەتەوە دروست دەکات. دواتریش دەبوو توێژەر هەر تەنها لە پێشەکی کتێبەکە نا، بەڵکو وەک ناونیشانێکی لاوەکی لە سەر بەرگی کتێبەکەش، ئاماژە بەو ماوە زەمەنییە بدات کە

دیاریکردووە بە لێکۆڵینەوە لە جیهانبینی شیعری کوردی. تۆژەر لەو کتێبەیدا، سێ تەوەری سەرەکی کە ئەوانیش:_ (خودا و گەردوون و مرۆڤ)ن، وەک بابەتی گوتاری شیعری و جیهانبینی شیعری کوردی لەو قۆناغەدا، واتا نێوان ساڵانی 1970 تاکو 2012 دیاریکردووە. بە بەوای نووسەر، ئەم بابەتانە جیهانبینی سەرەکی شیعری کوردی لە ئەزموونی شیعری شاعیرانی کورد پێک دێنێت، بەڵام ئایا ئەم بابەتانە، تیمەی سەرەکی شیعری کوردین لە قۆناغی هەفتا و هەشتاکانداا؟ ئایا شیعری کوردی، بە درێژایی قۆناغەکانی تا چەند تەنیا هەڵگرێ ئایین هەبووە؟ مەگەر بەردەوام شاعیرانی ئەم بەخنەیان لە ئایین نەگرتووە؟ بۆیە بەستنەوەی شیعری کوردی بەو سێ تەوەرەوە، لە ڕاستیدا بە ئاگایی لە مەژووی شیعری کوردی و ناوەڕۆکەکەی. لە ڕاستیدا، جیهانبینی شیعری کوردی لەو قۆناغەدا، تەنها لە دەوری ئەو بابەتانە ناخولێتەوە کە ئەویش پرسی خوداو گەردوون، گریمان ئەگەر لە شیعری شاعیرانیشدا، ئەو بۆگۆزانە باسکرابن ، مانای وانییە ئەمە هەموو جیهانبینی شیعری کوردییە، بە پێچەوانەوە ئەم بابەتانە بەشێکی بچووک لە گوتاری شیعری پێک دێنن. شاعیرانی ئەمە، هەمیشە دیدێکی بەخنەیان بە ئایین بە گشتی هەبووە، بگرە لە هەندە کاتدا، ئایینیان وەک بەوایەتیدان بەو کارەساتانە بینیوە، کە بە سەر گەلی کورد داهاتوون، بە نموونە وەک ئەنفال، کە چەن جۆرەمی بەعس دەت و ئایەتێکی قورئان دەکاتە بەهانەی قەکردنی ئەمە و لە ژێر ئەو ناوەدا، سەدان هەزار مرۆڤی کورد دەکوژێت. بەخنە گرتن لە ئایین، لای هەندە شاعیری کورد، هەڵی سووریشی بۆزاندووە و بەتە هەی ئەوەی فەتوای کوشتنی دەربکرێت، ئیدی نازانم چەن نووسەری ئەم کتێبە دەت، هەموو شیعری کوردی لە هەبوونی خودا و گەردوون و قەزا و قەدەر کەدەکاتەوە؟ کە ئەم هەوڵە، پتر لە خزمەت دید و ئۆقرەکی ئیسلامی دایە، لەوەی فەرهەنگی و ئەدەبی و نەتەوەیی بێت. بەگومان جیهانبینی سەرەکی شیعری کوردی لەو قۆناغەدا، کە نووسەری کتێبەکە خەی لە بواردووە، پرسی خاک و نیشتمان و بەرگریی و مانەوەیە. ووبەرەکی سەرەکی و بگرە هەموو گوتاری شیعری کوردی لە شەستەکان و هەفتاکان و هەشتاکان و ساڵانەکیش دوای ڕاپەڕین، خەی لە پرسی خاک و نیشتماندا دەبینێتەوە. گوتاری شیعری ئەو قۆناغە گوتاری بەرگریی و گەڵانە بە دوای ئازادی و سەربەستیدا. شیعر لەو سەردەمەدا، هەنگدانەوەی ئەو بارودۆخە سیاسی و نەتەوەیی ئەمەیە، کە لە پەراوێزی ئەو داگیرکاریی و ستەمە نەتەوەیی بە سەر گەلی ئەمە داهاتوون. شیعر لەو قۆناغەدا، لە سەنگەری بەرگریی و مانەوەی شوناسی نەتەوەیی دایە. لەو ڕوانگەیشەوە، سیماکانی بەرگریی و داکۆکی لە نەتەوە و یاخیبوون و هاتنەوە بە گۆڕ

دوژمناندا، لە خاسیەت و گوتارە هەرە دیارەکانی شیعری کوردین. ئەم بابەتانە، پرسی بنەڕەتی و سەرەکی و هەرە دیاری شیعری کوردی پێکدەهێنن و ئەگەر پرسەکی وەک خۆداو گەردوونیش لە شیعری ئاو سەردەمە لای شاعیرانی کورد بوونی هەبێت، هەرگیز مانای وا نییە جیهانبینی شیعری کوردی، جیهانبینییەکی ئایینگەرایی بووە. ئەم جۆرە تێڕوانینە بە مێژووی شیعری کوردی، لە هەفتا و هەشتاکاندا، لە ڕاستیدا شێواندنی مێژووی شیعری کوردییە و بەستنەوەیەتی بە پرسێک کە هەمیشە پرسێکی نامۆ و لاوەکی بووە لای شاعیرانی کورد و بگرە نەتەوەی کورد بەگشتی. مەگەر کەس ئاوەندەی نالی و مەحویی و شێخ ڕەزاو پیرەمەرد و شێرکۆبێکەس، ڕۆخنەیان لە ئایین و سیمبولە ئایینییەکان گرتووە؟ شیعری کوردی لە هەفتاو هەشتاکاندا، ڕوالەتێکی ئاوپێڕەی نەتەوەیانە و بەرگریانەی هەیە و ڕووکەشی سەرەکی لە بەرگریی و مانەوەی ئەم هاوشانی خەباتی چەکداری لە شاخدا بینیوە، بە سەدان پێشمەرگە، لە سەردەمی تەکۆشانی شاخدا، خەزگەی ئاوەیان دەخواست شەهید بوونایە، بە ئاوەی شێرکۆبێکەس شیعرەکییان بە بنووسەت، ئیدی نازانم چۆن نووسەری کتێب، ئاو جیهانبینییە نابینەت و دەت شیعری چە سایی کوردی، بە خۆداو گەردوون دەبەستەتەوە. تەورێیەکی دیکەی ئاو کتێبە، پرسی بوونی مرۆڤ، شاعیرانی کورد، هەمیشە بوونی مرۆڤیان لە ڕوانگەیەکی ئەنتەلەژیی و وجودی بینیوە نەک ئایینی، وەک ئاوەی نووسەری کتێب باسی دەکات. سەردەمانەک، شاعیرانی کورد لە ژێر کاریگەریەتی هزری سارتەر و کامە دابوونە و لاو ڕوانگەیشاوە، بوونی مرۆڤیان وەک پرسەکی فەلسەفی ئاماژ بینیوە، کە مایەی پرسیار و تەماننە. زەرجار بوونی مرۆڤیان، بە کارەکی پووچگەرایی و بە مانا و ژیانییان بە گشتی وەک دەرکەوتەیەکی بە نرخ و بە بەها بینیوە، دیارە ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئاو بارودۆخە دەروونی و کەمایەتییانەیە، کە مرۆڤی کورد لاو سەردەمدا تیایدا ژیاوە. بوون لای شاعیرانی کورد، ڕەهەندێکی فەلسەفی و یاخیبوونی هەبووە، نەک ئاوەی بە ئاسانی باوەڕبوە بۆنن کە وەک هەر مرۆڤێکی دیکە دژین و دەمرن و خودا خەڵقی کردوون! لاو سەنگەیشاوە، بەردەوام لە ڕوانگەیەکی هزریی و فەلسەفییەوە پرسیاریان لە بوون و ژیان و خودا کردووەو بگرە دژ بە دنیا و ژیان و بوونیش وەستاونەتەوە. بوون لای ئاوان، ڕەهەندێکی ئایینی و گەردوونی نەبووە، بگرە زەرتر مایەی نائومێدی و ڕەشبینی و گومان و پرسیار بووە لاوەی مرۆڤ بە دروستکراوە؟ بۆچی دژیت؟ بۆچی قەدەری ژیانی وەهایە؟ لەڕاوەش نموونە هێنانەوە لە شیعری چەند شاعیرێک کە زەرینەیان ئەزموونێکی شیعری ئاوتۆیان نییە لاو کتێبەدا و لای نووسەر، مانای وانییە

جیهانبینی شیعری کوردی هەمووی پێوەندی بە خوا و گەردوون و ئەستێرە و مانگ و خۆرەوە هەیە. هەموو ئەو توخمە گەردوونی و سروشتیانە، کاتێ لە شیعری ئەو قۆناغەدا، واتا سانی هەفتاو هەشتا، بەرجەستە دەکرێن، مانای دیکەی سیمبولی و سیاسی وەردەگرن و لە هەندێ سروشتیدا دەکرێن دادەماڵرێن و بوونکی سیاسی و نەتەوەیی وشەشگڕیان پێ دەدرێت. ئەو گۆڕانە سروشتیانە، لە فۆرمکی دیکەی شیعریدا بەرجەستە دەکرێن، بەڵێ لە شیعری نیوەی دووەمی هەفتاکان و دەیەی هەشتاکان، توخم و وێنە شیعرییەکان، بونیادکی دیکەی واتایی وەردەگرن و جۆرک لە هەندی سیاسی و نەتەوەیان پێ دەدرێت. گەر بە وردیش لە سەر شیعری ئەو قۆناغە بوەستین، باشتر ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت. لە مێژووی شیعری کوردیدا، هیچ قۆناغک وەک ئەو قۆناغەی نووسەری کتێبەکە، وەک ماوەی زەمانی تۆژینەوەکەی دیاریکردووە، هەڵگری جیهانبینی نەتەوەیانە و شەشگڕیانە نییە، ئیدی نازانم چۆن نووسەر دەیەوێت شیعری زیاتر لە سی ساڵی شاعیرانی ئەمە، بەتنها لە بابەتکانی وەک بوونی خودا و ئەستێرەو گەردوون کەبکاتەوە؟ ئەو شیعرانەی وەک نموونەی تۆژینەوەکە وەرگیراون، زۆرینەی هەرە زۆریان، شیعری شاعیرانکن کە هیچ ئەزموونکی شیعری ئەوتۆیان نییە و بە داخەوە نووسەر لە ڕوانگەی شارییەوە، بەو پێیەی خۆکی شارکەی ئەون، نموونەی لە شیعرکانیان هەناوەتەوە. لە کاتکدا، نموونەی لە شیعری شاعیرانی وەک شرکە بکەس، فەرهاد شاکلی ، ئەنوەرقادر و ڕەفیق سابیر ، بە جۆرکی کەم نەبەت نەهەناوەتەوە. لەکاتکدا باسکردن لە شیعری هەفتاو هەشتاکان، بە بە ئاماژە دان بە ئەزموونی ئەو شاعیرانە، ناتوانرێت گوزارشت لە قۆناغە شیعرییەکە بکرێت.

*پێراوێز: ناوی کتێب: جیهانبینی شیعری هاوچەرخی کوردی، ئامادەکردنی: دریا جەمال حەوێزی، بڵاوکراوەی: ئەکادیمیای کوردی.

*ئەم بابەتە لە ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ، ژمارە (1285) ڕۆژی 10/ 8/2023 بڵاوکراوەتەوە.
.

چاڵاکی چاند" کلتور"..
جەمال کەشش

(هەموو کۆمەڵگایەکی ئینسانی ئەبەت پاساو بۆ نایەکسانیەکانی بەهێنێتەوە، پۆیستە بۆهانای گرنگی بۆ پێیدا بکات دەنا تۆاوی سیستەمی سیاسی وکۆمەڵایەتی لەبەردەم هەڕەشەی داماندا دەبێت. تۆماس بیکتی١)

یەک: داهێنانی تەلەسکۆپی جەیمس وێب و دیزینەوەی (چاڵاکی چەشکان)، فیزیای نوێ ،خەیی و فەلسەفە و ژیانی مرۆڤایەتی گۆڕی. گەردوناسی و گالاکسیەکان، سەنگەکی بونەنی لە ژیانماندا پێیداکردوە. دۆزینەکی گەورە کوژانەوەی ملیاردەها ئەستێرەی تیا ڕاکشاوە، بەداخەوە هێزی کەشکردنی موگناتیسی ئەم چاڵاکی هێندبەهێزە،دەرفەتی تیشکیشی بۆ خوێنەران داخستووە.
کلتوور، فەرهەنگی ناسینی نەرم و جوانیەکان، دیزینەوەیەکی وەها قەرزدارە. ئافراندنی ئەو جوانییەی کە مناڵێک بۆ هەستەوەری ژیریانەی خۆی لەگەڵ داستانە خەیاڵیەکاندا پێی پێدەباو و ڕەخنەگریشیەتی.(مناڵ باشترین ڕەخنەگری ئەفسانەکانە- جەرج لەکاش٢).

دوو: کار (بەکاری هونەریشەوە)، لەنەو پرسیەکی مەژویی ئاڵاز و چەدا، هەمەڕەنگ و پڕ ئەزموون و تژی لە تەڕەچونی کۆمەڵایەتی و سیحراوی و قەدەر و کەشمدا، ڕەنجی تاک وکۆ، شارستانیەتی ئەمڕۆی بەرهەمهێناوە. بەرهەمهێناوەی خەیی و کۆمەڵگا و پێکەڕە ئامرازکانی، پابەندیی پێوەندیەکی نەوخەیی و دینامیکیەتی ماددی و فکریە و دەبەتە هەی دروستکردنی سیستەمێک بۆ پرسە و میکانیزمی تایبەتی خۆیەوە.

سە: کار لە شوازکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا، کۆیلەداری، دەرەبەگایەتی،سەرمایەداری، مانا و شیوەی بۆ پێوەندی نێوان ئینسانەکان داوە. شوازکانی چەوسانەوەی کار،" کۆیلە، بەگاری، زەدەبایی" ماک و هەوێنی ناکۆکیەکانی نێوان ئینسانەکان بووە. کۆیلەکان ڕۆژی چەندی دانشتوانیان پێکهێناوە، هێندە گرنگ نەبووە، بەوەی سەرچاوەی چەوسانەوەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و کەردنەوەو کۆکەی سامان و خاوەندارەتی تایبەتی بووە. ئینسانی ئازاد و پیشەوەرکان هەبوون،ئاووشکارو ڕشتەی جەراوجۆری تر هەبوون، دواترو

لەقۆناخی دەربەگایەتیشدا، ئەوی تەورێی کۆمەڵگای دیاریکردووە، بەیارو ئاقارەکان وباران، (سروشت) نەبووە، بەڵکە شەوازی چەوساندنەوەی کار بووە لە نەو ئەو هەلومەرجە سیاسی وکۆمەڵایەتی وکلتوریيەدا. ماف وپشکی خاوەندارێتی بەرهەمەکان، جا بەهەی باج و سەرانە و بگاریيەوە بێت، یان وەک لەشەوی کاوە بەرهەمهێنانی زەدەبایی و بگەخستنەوەی لە پرسەی بەرهەم هێنان و گەشەسەندنی ئامێرەکانی بەرهەمهێنان و بەرزکردنەوەی تواناکانی هێزی کاردا، سەرچاوەی چەوساندنەوەی ئینسانەکانە.

چوار: کار و بەرهەمهێنان لەسیستەمی کاپیتالیزمدا، لە نەو ئەنتاگۆنیستیکدایە، کار و هێزەکانی بەرهەمهێنان لە لایەک و هێزمووني سەرمایە و مەنپەلی مافی خاوەندارێتی بەرهەم لە لایەکی تەرەوە، لە کەشمەکەشی بەردەوام و لە پرسیار و وەڵام و ڕگا و بیرکردنەوە، لەخەون و خولیا و دونیابینی کۆمەڵگاکانداية. ئەم پرسەیە وەک مارکس لە ئایدیەلۆژی ئەمانیدا بەدرێژی لە مەژووی کۆمەڵگاکاندا دیالەکتیک بەمتریالیستی مەژووەوە گرێ دەدات،(بەهەمە لایەنە) هەروەها کاریگەری هەشیاری و فەرمەکانی بەسەر ژیانی واقعی ئینسانەوە لەکدەداتەوە.

پێنج: "پرۆپریتاریزم" کە لە لایەن تەماس بیکیتیەوە بەکارهێنرا بە ئەو سیستەمە سیاسی و ئابوریيەی کە جیاوازی سامان لە نیوان کۆمەڵگادا گەورەتر دەکات و ئەو ئایدیەلۆژیيەی کەلەسەر مافی خاوەندارێتی سامان ڕەوایەتی پەدەبەخشیت. پیرەزی دەکات و دەیکاتە مافێکی سروشتی و کۆمەڵایەتی و بەرگری لەدەکات. ئایدیەلۆژی نایەکسانی کە بەدرێژایی مەژوولکەینەوەی کردووە، بەتایبەت لە سەردەمی کاپیتالیزمدا و لەو ئایدیا وبەچوونانەی کە شەرشی فەرەنسی لەگەڵ خۆیدا هێنایە نەو کۆمەڵگاکانەوە لە کەی خاوەندارێتیدا. لە پێوەند بە هەوشانەوەی مافی چەوساندنەوەی مرۆڤکانەوە لەلایەن مرۆڤکانەوە، چۆنیەتی چارەسەری نایەکسانیەکانی نەو ئینسانەکان ،ناتوانم هاوەای بم.

شەش: لە نەو ئەم هەنەد و کەشمەکەشەدا، سیاسەت و کلتوور و فەلسەفە پەیدا دەبن و هەدەقوەن. ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی ئەم ئەنتاگۆنستیە، بنچینەی جوڵانەوە کرێکاریيەکانی ئەم سەردەمەی ئەمەیە. لەدەرەوەی ئەم هەوت و پرسەیدا بیت، کەشەی نەتەوایەتی، کەشەی ژنان، مافە دیموکراتی و ئازادیيەکان، هتد ناتکاتە کاراکتەر و ئەندامی ئەرگانی شەش.

حەوت: شەوازەکانی خەبات وپەرەپێدان وفراوانکردنەوەی، تایبەتمەندی نەوخێیی وئاگایی نەتەوسراوی خۆی هەیە.دونیابینی وئاسۆ وشەوازی تایبەتی خۆی هەیە، گرنگترین دوو خاڵ بەشداریکردنی فراوانی خەڵک لە بەڕێوەبردنی چارەنوسی خۆیدا، سوشیالیزەکردنی کلتوری خەبات و تێکۆشانەکانی. دەستکەتاکردنی خەڵک لە داهێشتنی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و یاسایی خۆیدا، کوشندەترین خاڵی لاوازی جوڵانەوەکان بووە لەلایەک و تێکشکانی شەڕشە سوشیالیستیەکانی سەدەی بیست بەهۆی قەتیسبوونی بەچوونی سوشیالیستی لە نێو دەستێیەکی کەمی کرێکاران وهەڵسوڕاوانی کرێکاریدا بووە.

هەشت: تراتسکی وتارێکی یەکجار گرنگی لە مانگی (۷)ی (۱۹۲۳) دا نوسی، بەناوی (ئینسان هەربە سیاسەت ناژیت۳)، کە تێخنە بوو لەو وتارانەی کە بەسەر شەشدا دەوتران و ئیدی خەریکەکەش لەی تربببوون. دەنوسێت(ئەمە پیویستمان بە کلتورە لە کارماندا، کلتورە لە ژیانماندا، کلتورە لە ژیانی تۆژانەماندا). وەک وتراوە، ئینسان تەنها بە کەوچک و چەنگاڵ ناژی.

نە: کار و سایکەلۆژی وسۆسیەلۆژی، زمان و نەریت و بەها و خۆشەویستی، ئاکار و هۆوشت، لە پرسیەکی مۆژویدا، کلتورەکان بەرهەمدەهێنن. لەنەو ئەم کلتوردایە، لەنەو دینامیەتی یاسا و دەزینەوەی ناوەوەی ئەم یەکانگیریدایە، لەنەو بەرز و نزمی و ئاگایی کەمەڵایەتی نەوکاندایە کە دەتوانین، بەمانای وشە کلتورەکی پاک و ئینسانی و تەندروست و جوان و ئارامبەخش و چێژبەخش بئافرێنین.

دە: خوڵقاندنی کلتورەکی هاوبەشی ئینسانی، وزەیەکی نەوخێیی وپەتانسیالی ئۆی هەبەت، کە شەرعیەت لە مافی خاوەندارەتی و بەتایبەت چەوسانەوەی ئینسان لە لایەن ئینسانەوە وەربگرێتەوە،داهێنانکی وەک تەلەسکۆبی جەمیس وەب دەخوازێت. پلاتفۆرمی کلتوری هەندەی هۆگرێ، چارسەر نیە، چاو و ژیری ئەو منالانەیە کە هەشتا پیوەندیەکانی سەرمایەی تیا هۆنگی نەداوەتەوە،یان بە مانایەک ئازادبووە و لەبەرهەمهێنانەوەی ئیستاتیکی خۆیدا، تینی ئەو غەریزەیەی تیایە بە ژیان و فەربوون کە دەست بەرە بە ئاگر.

ژێرنوسەکان

۱-کتێبی کاپیتال و ئایدیۆلۆژی. تۆماس بیکیتی، بەزمانی

ئەڵمانی،چاپی ۲۰۱۹
۲-جەرج لوکاش، مارکسیزم، جوانیناسی، ئینتەلیگی، ئامادەکردنی هەبژاردەیەک لایەن رودیگەر دانمان و ئەکسیل هنیت، چاپی (۲۰۲۱)، بە زمانی ئەڵمانی. جەرج لوکاش وتارێکی کورتی بەناوی (پەروەردەی هونەر لە قوتابخانەکاندا) بە گۆڤارێکی تایبەتی بەپەروەردە نوسیوە.
۳. www.wsws.org/de/articles/2005/12
ناوەستی ئەگوستی ۲۰۲۳

دیموکراسی پەڵەمانی (نوێنەرایەتی) و شورایی.. لالە ئەحمەد

دەستپێک

زادگای سەرهەڵدانی دیموکراسی لەووی مێژوویەوە وەاتی یونان, زاراوەکە لە دوو وشە پێکهاتووە (دیمو+کراسی) هەردوو وشەکە بەسەریەکەوە مانای دەسەڵاتی گەل یا خەڵک دەگەیەنێت. نیزامی دیموکراسی پەڵەمانی لە بنەڕەتدا وەک ئەنتەرناتیفی دەوڵەتی (تیەکراتیانە) و پاشایاتی هاتەکایەوە. دەوڵەت و پاشاگەلێک خۆی بە نوێنەری خوداو هەندە جار بە خودا زانیوە لە سەر زەوی. ئەوە لە کاتێکدا دەسەڵات و دەوڵەت دوو دیاردەی مێژوویین، وەک زەروورەتێکی مێژوویی لەئەنجامی نیشتەجێبوونی ئینسان و کەمکەمی سەروەت ودابەشبوونی (کاری کۆمەڵایەت)ی و کۆمەڵگەی چینایەتی سەریهەڵداوە و لە هەوتی (پارێزەندن و گۆشە)ی مێژوویی خۆیدا مشتومڕی (هەوایی) لەکەوتوە و لەوە هەمیشە دەسەڵات و دەوڵەت هەویانداوە کە هەواییبوونی خۆیان پێناسە بکەن. ئەگەر لە کۆندا دەسەڵات و دەوڵەت بە شەرعیەتدان بەخۆیان سەرچاوەی (هەوایی) لە بنەماکان و لە ئاسمان وەرگرتبێ و بواری هیچ جۆرە مشتومڕێکی هەواییبوون و نبوونی نەهێشتبوە. ئەوا ئەمڕۆ لەم سەردەمدا هەبژاردن شوێنی گرتبوە و پەوری مافی هەوایی بە هەبژاردن لە خەڵک کراوە بە

(سەنگی مەحەک) و لەگەڵ خۆشیدا بەپێی بەرژەوەندی و لە گۆشەنیگای جەماوەرەوە مشتومڕی ڕەوایی هەناوەتە بەرباس و زۆر کەسی بە خۆیەوە خەریککردوە, یەکێک لەو کەسانە (ماکس ڤیبەر)ە. ماکس ڤیبەر هەوڵیداوەچەمکی ڕەوایی پەناسە بکات، ئەو لە پەناسە سەرنج ڕاکێشکەیدا ئەم چوار شەرعیەت (ڕەوایی) پەناسە کردوە: (عەقڵانی، کاریزماتیک، سوونەتی و عاتفی) ماکس ڤیبەر هەر کام لەم چوار شەرعیەتە بە شەرعی دەزانێت، بەڵام ئەو پێیوایە جیاوازی شەرعیەتی عەقڵانی لەگەڵ ئەوانی دیکە لەوە دایە، کە مەرەق بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە دەچێتە سەر سندوقی دەنگدان و کەی ویست دەنگی پەسەندات و ممارسەی ئەو مافەی خۆی دەکات و بەو شێوەیە دیموکراسییە حقوقی و عەقڵانیەکەی ماکس ڤیبەر لە فەهمی نیزامی پەرلەمانیدا ڕەکخراوە و بە ماوەی هەر چەند ساڵ جارێک بە ڕەوایدانەوە بە دەسەڵات هەڵبژاردن دووبارە دەکرێتەوە و بەناوی شەرعیەتی هەڵبژاردن حوکومەت بەسەر کەمەڵگادا دەکرێت.

پرسەی هەڵبژاردن لە نیزامی پەرلەمانیدا

پرسەی هەڵبژاردن لە سیستمی پەڵەمانی پشتی نەبەستووە بە بەشداری ئازادانەی ڕاستەوخۆی خەڵک، بەڵکو زۆرتر منافەسەیە لەنێوان پارتە سیاسییەکان، ئەویش لە کەش و هەوایەکی پڕ لە دەڵاوکێ و لە دەخێکی ناهاوسەنگی (ئابووری، کۆمەڵایەتی) نایەکسان بەڵەوەدەچێت، بەوحاڵەشەوە لە هەمووی نادیموکراسی و نادادپەروەرانەتر بەینی بەربەستەکانە، کە دەبە گرووپ و پارتی سیاسی بیبەخشێت جا دەتوانێت بە پێی دەرەنجامی هەڵبژاردن کاندیدەکانیان بچنە هەڵی پەڵەمانەوە و ئیتر لەوە بە ماوەی چەند ساڵێک بە ناوی نوێنەری خەڵک دەمێننەوە.

دەسەڵاتی خەڵک لە نیزامی پەڵەمانیدا

لە نیزامی پەرلەمانی ئاگەر بەربەستەکان و نەبوونی هاوسەنگی و تەکنیکی فرت و فێڵ و سیاسەتی ئیحتیواکردن و…تاد هەموو ئەوانەش لابەرێ هەشتا دەسەڵاتی ڕاستەقینە لای دام و دەزگای دیکەیە، لای کەمپانیا فرەگەزەکان و بانقەکان و ئەوان ئەکتەری سەرەکین لە پشتی پەردەوە نیزامی ئەمەی دنیا بەڕێوەدەبەن و هیچ هێزێکی بەهێزتریش لە سەرووی ئەوان بوونی نییە. پەڵەمان چوارچێوەو و جێگایەکە ریاری تەدادەر بە ڕەوایدان بە چەرخینی سەرمایە و ڕەفتار و مامەڵەی دەوڵەت دەزگایەکی شکڵییە هەرکاتێک لەو چوارچێوەیەی بۆ دیاریکراوە دەربچێت و ببێتە هەڕەشە لەسەر نیزام و پرەسیسی بەرهەمهێنانی سەرمایە، ئەو بەناو دیموکراسی لە جێری

خەشی لە ئارادا نامێنێ و بە بەیاری مەجبوورکی لە خەی باشتر هەڵدەوەشێتەوە و حوکمی عورفی و پۆلیسی دادگەیەندرێ.

دیموکراسی شووراییی و دەوری خەڵک

دیموکراسی شووراییی دەسەڵاتی خەڵکە لە خوارەوەبە سەرەوە و پرسەی هەڵبژاردن تەیدا لە کۆشکی ئارام و هاوسەنگدا بەڕێوەدەچێت، بەشێوەی داستەوخۆ بە شێرت و ئازادانە هەموو کەس لە تەمەنی (١٦ – ١٨) ساڵ ژن و پیاو مافی خۆکاندیدکردن و خۆ هەڵبژاردنی هەیە و لە سیستەمکی شووراییدا خەیان بڕیکدەخەن. شووراکان هەم یاسا دەردەکەن و هەمیش جێبەجێدەکەن، هەرکاتێکیش خەڵک دەتوانێت هەڵبژاردن دووبارە بکاتەوە و نوێنەری تازەی خەی بنێرێتەوە ناو شووراخەجەی و سەراسەرییەکانەوە، بڕکردەوە تەیدا مرۆڤ وەک بوونەوەرکی یاسایی لیبڕاڵانە دەرناکەوێت و بەشێوەیکی ئازاد و سەربەست لە بەیاردان لە چارەنووسی ئایندە و ژیستای خەیدا بەشدار دەبە. لە نیزامی شووراییدا خەڵک بە ئەوە هەڵبژاردنیان پێناکرێت تا شەرعیەت بە دەسەڵات بدەن، بەڵکو بە ئەوەیە خەڵک خەی حوکومەت بەسەر خەیدا بکات و خەڵک هەر بە خەی حوکومەتە و دەستوور و یاساش بە خەیان و کاروباری خەیان دەردەکەن. دیموکراسی شووراییی هەر بە خەی جەوهەری هەموو دەستورکی گشتی و سیاسیە و خاڵی جیاکەرەوەیە لە لایەک لەگەڵ دیموکراسی پەڵەمانی و لە لایەکیش لەگەڵ کەی سیستمی لیبڕاڵی و کاپیتاڵیستی لە ناکۆکیدایە. دیموکراسی پەڵەمانی و لیبڕاڵی دەوڵەت لە جەی مرۆڤ دادەنێت، بەپێچەوانەوە لە دیموکراسی شووراییی مرۆڤ میحوەرە و دەوڵەت وەسیلەی بەدیهێنانی: ئازادی، یەکسانی و خۆن و ئاواتەکانی مرۆڤە. لە نیزامی دیموکراسی پەڵەمانی دەوڵەت شوێنی مرۆڤی گرتەتەوە و مرۆڤ بووەتە قوربانی دەوڵەت. لە هەڵبژاردن و نیزامی دەوڵەتی شووراییدا ئامانج ڕەوایێدان نییە بە دەسەڵاتکی جیا لە خەڵک و سەرو خەڵکی، دیموکراسی و حوکومەتی شووراییی لە وجوود و زاتی خەیدا هەڵگری خەسڵەتی ڕەوایە، لە خەیەوە بە خەی پەنابردن نییە بە خەڵک. بە پێچەوانەوە خەڵک هەر لە شوێنی کار و ژیانی خەی قەزاوەت دەکات و بابەت شەرعیەتدان و متمانە نییە بە کاسانکی دەرەوەی خەی. مەسەڵەی شەرعیەت وەک ماکس ڤیبەر خەشی وەک لیبڕاڵەک دەڵێت: شەرعیەتی کارەزماتیکی، عەقڵانی و عاتیفی هەیە. ئەو قسەیە خەی لە خەیدا واتای ئەوەیە، دەشێت لە ڕووی کارەزمایی، عاتفی و سوونەتییەوە پاشایەک، فیدالەک و دیکتاتۆرکەتاد شەرعیەتی هەبێت. هەوەی بەدەستهێنانی شەرعییەت بە شەرعییەتدان بە دەوڵەت و بە دەسەڵات لە ماهیەتدا ناڕەوایە. لە

دیموکراسی و حوکومەتی شوورایيدا هەرگيز ئامانج نەبوايیدان نيية بە بوايیدان، بە نەفتاری دەولەت و بە دانی نەهەندی یاسایی بە بەیارەکان. دیموکراسی شوورایی: بوارێ، نەخساندنی زەمينەیێ بە بەدیهێنانی: ئازادی و یەکسانی. چەشنەکێ لە خەباتی دینامیکیانە بە نەهێشتنی جیاوازی چینایەتی، ئابووری و نەگۆڕی.حوکومەتی شوورایی سیکەلاریزمە، فرەیە لە جۆری خۆی و تەیدا مرۆڤ ناگەنەتەوە بە هیچ مەرجەعێکی سەروو و دەرەوەی ئیرادەی خۆی.مرۆڤ وەک مرۆڤ دەبەتە چەقی بەیاردەر لە ژیان و لە ئایندەی خۆی، نەک بە وەسیلە و بە شتکردن بە بابەتی شەرعییەتدان بە دەسەلاتێکی لە جەوهەردا نامە بە یەکسانی و ئازادی و حورمەت و کەرامەتی ئینسانیانەی ئینسانەکان. دەسەأتێکی وا دژیانجار بە شەرعییەتی هەبژاردنی پەلەمانی شەرعییەتی وەرگرتبێت مادام ناکۆکە بە ئازادی و یەکسانی مرۆڤکان هیچ لەو ڕاستییە ناگەیەت، کە نامۆیە بەزات و بە وجوودی مرۆڤ و بە کەرامەت و ئازادی.

دیموکراسی و دیموکراسی پەلەمانی هاوتایە لەگەڵ دەولەتی چینایەتی، کاری بەسەر ماهیەت و کارکردی دەولەتەوە نيية و هاوتا نيية بە یەکسانی و ئازادی. لە یەنانی بەر لە زایین پەلەمان و دەولەتی دیموکراسی پەلەمانی هەبوو، بەڵام ژنان و کۆیلەکان بەیان نەبوو نەخێیان بەربژێر بکەن و نەدەنگیش بدەن، مافی دەنگدان و خۆ کاندیدکردن تا نزیک بە ناوەڕاستەکانی سەدەی بیست لە هەندەک وڵاتی ئەوروپی خاوەن پەلەمان و دیموکراسی لیبەڕاڵانە بە نان نەدرابوو، دوایيش کە مافیان پێدرا بە خەباتی ژنان و پیاوانی ئازادیخوازبوو نەک بەخشیشی دیموکراسی لیبەڕاڵی و پەلەمانی. لە هەر کوێ دیموکراسی پەلەمانی و لیبەڕاڵی هەبوو نایەکسانی و نادادپەروەری هەیە. کەمەگای سەرمایەداری و کەمەگەی چینایەتی هەیە. هەر لە بەر ئەوە ((دیموکراسی چوارچێوەیەکی یاساییە بە پرسەی بەیاردان نەک شێواز و پێوەرێک بە ناوەرۆکی خودی بەیارەکان)).

ئانیە
١٧/١٠/٢٠١٧
لالە ئەحمەد

شاعر کەریم عەراقیی.. نەوزاد بەندی

((لا تَشْكُ للناس جُرْحًا أَنْتَ صَاحِبُهُ
لا يُؤْلِمُ الجَرْحُ إلا مَن بِهِ أَلَمُ

شَكْوَاكَ لِلنَّاسِ يا ابنَ النَّاس منْقصَةٌ
ومَن مِنَ النَّاسِ صَاحِ مَا بِهِ سَقَمُ))
((گلەیی لە زامێک مەکە ، تایبەتە و موکی خۆتە ..
زام ئەشکەنجەی کەس نادا ، بەس ئەوانەی زامدارن ..
گازندەت لە لای خەڵکی ، ئەتشکێنێ لە لایان ..
کە ئاگای لە وانیە نەخۆش وگرفتارن ؟))

شاعیری عەراقیی هاوچەرخ ، کەریم عەراقی ، ناوی کەریم عەدیە و لە ساڵی 1955 لە گەڕەکی کەڵادە مەریەمی بەغداد لە دایک بووە . بەوانامەی دبلۆمی لە دەروونزانی و مۆسیقای منانەندا ، لە پەیمانگای مامۆستایانی بەغداد بەدەست هێناوە ..چەندین ساڵ مامۆستای سەرەتایی بووە و پاشان بووە بە چاودێری نوسینی ئەپەرەتی قوتابخانەکان ..
هەشتا قوتابی قەناغی سەرەتایی بووە کە لە گۆڤارەکاندا نووسینی بڵاوکردەتەوە وەک گۆڤاری المتفرج ،الراصد ، الاذاعة والتلفزيون ،ابن البلد ، وعي العمال و گۆڤاری الشباب ..هەنراوە و شیعری میللی و گۆرانی و ئەپەرەت و شانۆگەریی نوسیوە ..
لە قەناغی ناوەندیی بووە کە هەر دوو گۆرانی (الشميسة) و (يا خالة يا خياطة)ی بە منداڵان نوسیوە و کراون به گۆرانیی ..
شیعری(جنة جنة) کە هەر سەرپێیی نوسیبووی ، زیاتر لە دێیان وڵاتدا کرا به گۆرانی ، دیارترینیان ئەوەی ڕۆزا خێیات بوو ..
شیعرەکانی چەندەها گۆرانیبێژ کاریان لەسەر کردووە وەک کازم ساهیر ، سەباح عەبدولغەفور ، سیتاهاکوبیان، فوئاد سالم ، انوار عبدالوهاب ، سەعدون جابر ، حسەن نیعمە ، دیانا حەداد ، فەرز شاکر ، سەمیرە سەعید ، هانی شاکر ، ئاسۆ نەسی ، سابیر ڕوباعی ، ماجد موهەندیس …

نەزدە کەبی چاپکراوی هەیە ، لە نێوان دیوانی شیعریی و ڕۆمانی منانان و چەند شانۆگەریی و سیناریۆیەک
وەک (للمطر و ام الضفيرة ، ذات مرة ، سالم يا عراق ، الخنجر

الذهبي ، الشارع المهاجر ، كسل و بغلته الرمادية ، يا حوتة يا منحوتة ، عيد و عرس ، دنيا عجيبة ، يقظة الحراس ، حكايات بغدادية ، ها حبيبي ، يا شاغل الفتيات ، .....)
سەرەتای ساڵی نوێدا کانی سەدی ئابوردوو ، کەریم عێراقیی وەک زۆربەی نوسەر و هونەرمەندە عێراقییەکان ، وەتەکەی بە جۆرەها گۆڕانی بەسەر خۆیدا هاتووی کرد وەاتی تونس .. بەو جۆرە گۆڵە وەاتی عەرەبی گۆڕا و لە کۆتاییدا لە ئیماراتی عەرەبیی نیشتەجێ بوو ..
خۆاتی یونیسفی بە باشترین گێرانیی مرۆڤایەتیی وەرگرت کە ئەم هەنراوەکەی نوسی بوو ، کازم ساهیر بە گێرانیی پێشکەشی کرد .
خۆاتی ئەمیر عەبدوڵا فەیسەڵی جیهانیی لە ساڵی 2019 دا وەرگرتووە ..
چەند ساڵێک ، کریم العراقی دووچاری نەخۆشی شێرپەنجە بووە و چەندین سەرکی عەرەبی بە سەرکی عێراق شیاع سودانیشەوە هاوکاری و پشتگیریی ئاستوخەیان بە تێپەڕاندنی نەخۆشییەکەی ، کردووە ..
ئەمڕۆ هەینی ، یەکی ئەیلولی ساڵی 2023 لە نەخۆشخانەیەکی ئەبوزەبی و لە تەمەنی 68 ساڵیدا ، کۆچی دوایی کرد ..

((فَإِنْ شَكَوْتَ لِمَنْ طَابَ الزَّمَانُ لَهُ
عَيْنَاكَ تَغْلِي وَمَنْ تَشْكُو لَهُ صَنَمُ

وَإِذَا شَكَوْتَ لِمَنْ شَكْوَاكَ تُسْعِدُهُ
أَضَفْتَ جُرْحًا لِجُرْحِكَ اِسْمُهُ النَّدَمُ))
((گلەیی لای کەسێ بکەی بەختیار بێ ،
چاوی تێ ئەکوڵێ و ئەویش بت ئاسایێ ..
سەردانی ئەوەی بێ زامت دەخۆشێ
زامی پێشیمانیشت زیاد ئەکا لێ زیایێ ..

ـــنەوزاد بەندی

نەدانـــی مـــوچەی کرێکـــاران و

کارمەندانی هەرێمی کوردستان، سیاسەتێکی پیسەوای دەسەڵاتدارانە دژ بە جەماوەر ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق

وەک پیشەی بەباکانەی هەمیشەییان، ئەوا بە پتر لە دوو مانگە حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەردوو حزبی دەسەڵاتداری بورژوا ناسیونالیست (پارتی و یەکێتی) بە بیانووی جەراوجێڕەوە، بەتایبەت کۆشکانیان لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی و هێزە ئیسلامییە دەسەڵاتدارەکانی بەغدادا، موچەی کرێکاران و کارمەندانی وەزارەتەکانیان نەداوە، و ئەمەش بۆتە مایەی بارێکی سەختی ئابووری بە جەماوەری هەرەم.

ئەمە سەرباری ئەوەی کە هیچ پێڕیەکی گۆشەپەدانی خزمەتگوزاریییەگشتییەکان لە ئارادا نییەتە، و ڕێژەی بێکاری، بە تایبەت لەناو گەنجانی کچ و کوڕدا، لە ئاستێکی زۆر بەرینداید، و ئاستی هەژاری و نەداری بەجارێ ژیانی زۆربەی دانیشتوانی ئەم هەرەمەی هەراسان کردووە. هاوکات لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا، ڕیزی ملیاردێر و ملیۆنێری دولاری سەر بە دەسەڵات و حزبەکانیان و سەرمایەدارنی گەندەڵی دەروبەریان، هەرڕۆژە لە زیادبووندایە.

سەرکوتگەرییەکانی دەسەڵات بە دژی جەماوەری خۆپیشاندەر لە ساڵانی پێشوودا، و داسەپاندنی ڕژێمێکی سیاسی دکتاتۆری پشت بەستوو بە زەبر و زەنگ و ئایدیۆلۆژی ناسیۆنالیستی و ئیسلامی، کە بە دڕبەستە لە ئاست دابینکردنی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاری و ڕۆشنبیرییەکانی جەماوەری زەحمەتکێشی هەرەم، هەر تەنها بە درێژدان بە دەسەڵاتی گەندەڵ و میلیشیایان نەبووە، بەڵکو هاوکات بە مانەوەی دەسەڵاتیان و بەرقەراری سەرمایەداری و ستەرکچێری سیاسی و ئایدیۆلۆژی ئەم سیستەمە بووە.

نەک هەر هێزەکانی دەسەڵات، بەڵکو هەموو هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی بورژوازی لە هەرەمدا، بە لایەن و بااڵ جیاجیاکانیانەوە، و بەهەردوو بزووتنەوەی ناسیۆنالیزم و ئیسلامیزم و ڕەوت و حزبەکانیان و ئایدیۆلۆگ و ڕۆشنبیرانیانەوە، و هەروەها بە نیولیبرالە

قومیەکانی چەشنی (نەوەی نوێ)وە، ئەم سیستەمە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایدیۆلۆژییەیان پاراستووە و ئێپارێزن کە سەرتاپای مەرکی دابەشبوونی قووڵی چینایەتی پێوەیە لەنێوان پرۆلیتاریا و بورژوازیدا، و هەر جۆرێ جەمسەرگیریی چینایەتی ناو کۆمەڵگە توندوتیژتر و بەرینتر ئەبێتەوە.
هەربۆیە لە کاتێکدا کە کۆمەڵگەی کوردستان نوقمی هەژاری و بێکاری و بێ خزمەتگوزارییە، هەم هەزەکانی دەسەڵات و هەم ئۆپۆزسیۆنی بورژوازی، لەهەر کات زیاتر کۆمەڵگەکەیان نوقمی خورافاتی قەومی و دینی کردووە، لە لایەک، و لە لایەکی ترەوە نیولیبرالەکانی چەشنی (نەوەی نوێ) لە هەوڵی سەرگێژکردنی جەماوەرن بە ئومێد هەڵچنین بە ئاوگێڕپێکهێنان لە ڕۆگەی هەڵبژاردنەوە.
هەر لەم ڕاستایدا، ناسیونالیستەکان کەوتونەتە بانگەوازکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێ سەبارەت بە ئۆگری هەرەسی ژێرخانی دەسەڵاتدار لە هەرێمدا، و باوەشینی دەمارگیری و ڕق و قینەی نەتەوەیی ئۆکۆن، و ئیسلامی سیاسیش بەردەوام گورزی کوشندەی خۆی ئاراستەی ئازادییەکانی ژنانی کوردستان ئۆکات و هەوڵ و تەقەڵاکانی کرێکاران و گەنجانی بێکاری کوردستان و ڕێزی خەباتیان بۆ ئیسلامیزم و دژایەتی لە بەرامبەر هەر ئایدیایەکی ئازادیخوازانێ و سۆشیالیستیدا تێکدەدا.
لە بەرامبەریشدا، هێز و حزبێ ئیسلامی و قومیەکانی دەسەڵاتدار و حکومەتکەیان لە بەغدا کە بەباکن لە هەژاری و نەداری و بێکاری جەماوەری هەرەم، بەردەوامن لە درێژەپێدان بە ململانێکانیان لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا. هەر دوو لا جەماوەری هەرەمی کوردستانیان کردەتە بارمتەی ساغکردنەوەی بڕژوەندییە سیاسی و ئابووری و مانەوە جیۆپۆلتیکسەکانیان و پێوەندیان لەگەڵ زلهێزە ناوچەیی و دەوڵەتییەکاندا. هەروەها، دەسەڵاتدارانی بەغدا سەرقاڵی خۆشکردنی ئاگری دەمارگیری نەتەوەیین تا سەرگێژی ڕەواج پێبدەن و پەردەپۆشی گەندەڵییەکانیان بکەن، و بەگوزارانی و هەژاری و بێکاری و بێ خزمەتگوزاری زەربەی هەرە زەری جەماوەری عێراق بە دەمارگیری نەتەوەیی وەڵامبدەنەوە.
بێ ئەزگار بوون لەم بارودۆخە کارەساتبارە ڕەگەک لە بەردەمدا نییە جگە لە بەهێزکردن و یەکخستنی ڕێزی خەباتی کرێکاران و زەحمەتکیشان و بێکاران و ژنانی ستەملێکراو و گەنجان و سەرجەم ئازادیخوازان هەم لە هەرێمی کوردستان و هەم لەسەر ئاستی عێراق، لەسەر بنەمای بڕژوەندی سەربەخۆی چینایەتییان، و بە بێ هیچ جیاوازییەکی مەزهەبی و دینی و نەتەوەیی و جنسی و ڕەگەزی و هەر جۆرێ جیاکارییەکی تر.

ئەمڕۆ لە هەرەمی کوردستاندا پارسەنگی هێزی چینایەتی لە بەرژەوەندی بورژوازی دەسەڵاتدار و هێز و تەوتەکانیەتی، و تا خەڵکی کرێکار و نەداری هەرەم ئەم پارسەنگییە نەگۆن لە بەرژەوەندی خەیان هیچ ئاوگەڵکی بنچینەیی لە بەرژوەندییان نایەتەدی. کەوتنە داوی ئایدیۆلۆژیا و ئاسەی قەومی و دینی و بەویانووکانی کەشە لەگەڵ بەغدا، و خەشاوەیی بە هەڵبژاردن، بارودۆخە کارەساتبارەکە زیاتر درێژە پێدەدا. چارەسەر لە بەرەوپێشچوونی خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریا لە کوردستان و سەرجەم عێراقدایە.

بە ڕیزی خەباتی یەکگرتوو لەسەر بنەمای بەرژەوەندی سەربەخۆی چینایەتی کریکاران و نەداران، و هاتنە مەیدانیان وەک هێزێکی کاریگەری جەماوەری بەووی دەسەڵاتی ناسیۆنالیزم و ئیسلامیزم لە هەرەمدا هەنگاوی یەکەم بە کۆتایی هینان بەم یاریکردنە بە ژیان و گوزەرانی جەماوەرەوە.

(هەڵکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق) بە تووندی سەرکۆنەی هەردوو حکومەتی هەرەم و حکومەتی مەرکەزی ئەکات، و بەرپرسیاریەتی هەژاری و برسیەتییەک کە بە سەر جەماوەری هەرەمی کوردستاندا سەپاوە، ئەخاتە ئەستۆیان. هەروەها شان بە شانی کرێکاران و زەحمەتکیشان و سەرجەم ئازادیخوازان لە خەباتی پێگیرانەدایە بە کۆتاییهێنان بە باری سەختی ژیانی ئابووری جەماوەر لە هەرەم و سەرتاسەری عێراقدا.

سیاسەتی ڕیسوای موچە نەدان پێویستە دەستبەجێ کۆتایی پێبهێنرێ

۳۰ (ئاب)ی ۲۰۲۳

چاوخشانێک بە مێژووی ئەدەبی منداڵان لە ئینگلتەرا.. ڕەزا شوان

ڕەگ و ریشەی ئەدەبی منداڵان بۆ هەزاران ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە. لە سەرەتای سەردەمی ئەدەبی منداڵاندا، کتێبی تایبەت بە ئەدەبی منداڵان نەبووە. بە پشکۆوتنی مرۆڤ لە هەموو بوارەکانی ژیانداً، ئەدەبی منداڵانیش لە هەموو جیهاندا،

گۆڕانکاری و پێشکەوت و بوون بە لقێکی سەرەکی لە ئەدەبی گشتی و بە ئەدەبێکی تایبەت بە منداڵان. لە نووسینێکی پێشترمدا، باسی مێژووی ئەدەبی نووسراوی تازەی منداڵانمان کردووە کە لە سەدەی حەڤدەمدا، بە یەکەم جار لە وڵاتی فەرەنسادا سەری هەڵدا.
لەم نووسینەمدا، چاوخشانێک بە مێژووی سەرهەڵدانی ئەدەبی منداڵان لە ئینگلتەرا دەکەین. کە لە دوای فەرەنسا لە ئینگلتەرادا پێشکەوتنێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی.
ئەدەبی منداڵان لە ئینگلتەرادا مێژوویەکی درێژ و جیاوازی هەیە. دەکرێت ئەدەبیاتی منداڵان لەم وڵاتەدا بە سەردەمکانی ناوەڕاست بگەنینەوە. قوتابخانەی ریالیزمیی مێژوونووسەکان، ساڵی (١٧٤٤) بە دەرچوونی (کتێبی بچووکی جوانی گیرفان)ی نووسەر و کتێبفرۆش (جۆن نیوبەری) بە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەدەبی منداڵان لە ئینگلتەرا دادەنێن. چیرۆکە کلاسیکییەکانی پێشتر بریتیبوون لە ئامۆژگاری و ڕێنمایی و ڕێنوێنی ئاینی و لە خووی باش و لە ڕەوشتی بەرز. بە ئاوەڕۆی گوێ بە ئاستی بیر و هۆش و ئارەزوو و قوناغەکانی منداڵییەتی بدەن. شایەنی باسیشە کتێبی (ئەفسانەکانی ئیزۆپ) بە یەکەمین کتێبی چاپکراو بە منداڵان دادەنرێت کە لە ساڵی (١٤٨٤) زاینی، لە لایەن نووسەر (ولیەم گاگستەن: ١٤٢٢ــ ١٤٩١) ەوە نووسراوە. گاگستەن سەر لە نوێ چیرۆکەکانی ئیزۆپی یەنانی، بە شێوازێکی جوان و بە زمانی ئینگلیزی نووسینەوە و لە چەند بەرگێکدا چاپیانی کرد، گاگستەن بە یەکەم جاریش وەنەی بە چیرۆکەکانی کەشان. گەرچی گاگستەن بەو نیاز و مەبەستەوە چیرۆکەکانی نەنووسیون کە ئاراستەی منداڵانیان بکات. بەڵام سەرلەنوێ کتێبەکانی، بە درێژایی ساڵان و تا ئەمڕۆش بە منداڵان گونجاون و بە کتێبی خەیانیان دەزانن. وەریان گەڕاون بە سەر زەربەی زمانەکانی گەلانی جیهان بە زمانی کوردیشەوە. منداڵان لە هەموو جیهاندا، چێژ و خۆشی لە خوێندنەوەی ئەو چیرۆکە ئەفسانەییانە وەردەگرن. کە ئەم کتێبانەن (ڕۆوی ڕێنارد، ئەفسانەکانی ئیزۆپ، مردنی ئارسەر). هەر گاگستەن یەکەم چاپخانەی هێنایە ئینگلتەرا، دوای ئەوەی کە لە ئەڵمانیا، فەری چێنیەتی و هونەری چاپکردن بوو. زیاتر لە (١٠٠) کتێبی لەو چاپخانەیەدا چاپکرد.
لە دوای گاگستەن، نووسەر (یەهان ئامۆس کۆمینیۆس) لە ساڵی (١٦٥٨) دا، لە پێوەرە باوەکانی ئەو سەردەمە لایدا و کتێبکی بە ناوی (جیهان لە وێنەدا)ی نووسی و چاپیکرد. ئەگەرچی ئامانجی

ئەم کتێبە زیاتر لە پەروەردەییەوە نزیکە نەک لە خۆشنوودییەوە. ئەم کارەی کامینس، بە یەکەم کتێبی وێنەدار بە منداڵان دادنرێت.
نووسەر و رۆژنامەنووس و رابەری ڕەمانی ئینگلیزی (دانیال دیفۆ: ١٦٦٠ــ ١٧٣١) یەکێکە لە ڕەمانووسە ناسراوەکانی جیهان. بە دەستپێشخەری چیرۆکی هونەریی لە ئینگلتەرادا دادەنرێت. دانیال دیفۆ لە ساڵی (١٧١٩) دا، ڕەمانە بەناوبانگەکەی (ڕۆبنسۆن کروز) ی نووسی و چاپیکرد. کە بە یەکێک لە شاکارە ئەدەبییەکانی جیهانی ناسراوە. تا ئەمڕۆش منداڵان لە هەموو جیهاندا، بە گەرمی و پڕشوڕەوە پێشوازی لەم ڕەمانە دەکەن و چێژ و خۆشیی لێ لایان کاتەوە. پاڵەوانی ئەم ڕەمانە لاوێکی سەرگەرم و سەرکێشی سەیرە، حەز بە کاری سەرکێشی دەکات.
دانیال دیفۆ بیرۆکەی ئەم چیرۆکەی لە چیرۆکێکی ڕاستەقینەی ژیان و بەسەرهاتی پیاوێک بە ناوی (ئەلیکساندەر سلکێرک) وەرگرتووە. کە خەڵکی ئوسکۆتلەندە بووە. نزیکەی (٣٠٠) ساڵ بەر لە ئێستا، ئەو پیاوە وەک دەبێت و دەکەوێتە دوورگەیەکی دووری دابەاوی چەوە، بە ماوەی چەند ساڵێک لەو دوورگەیەدا ژیان بەسەر دەبات. بە هیوا نابێت و کەنادات، تا ئەو کاتەی پاپۆڕێک نزیک ئەو دوورگەیە دەبێتەوە و هەلی گەڕانەوەی بۆ ئوسکۆتلەندەی نیشتمانی بۆ دەڕەخسێت. ئەم چیرۆکە ڕاستییەوە بوو بۆ ئیلهام بە دانیال دیفۆ. بە شێوەیەکی ئەدەبی و هونەریی جوان لە ڕەمانی (ڕۆبنسۆن کروز) دا دایڕشتووە. لە ڕاستیدا ئەم ڕەمانە بۆ منداڵان نەنووسراوە. بەڵام نووسەری بەناوبانگی ئینگلیزی (جۆن نیوبەری) دەستکاری کرد و کورتی کردەوە و دووبارە بە زمانێکی ئاسانتر و گونجاو، بۆ منداڵان دایڕشتەوە.
ڕەمانی ڕۆبنسۆن کروز، کراوە بە فیلمی کارتۆن و بە زۆربەی زمانەکانی جیهان دەبلاج کراوە. ئەو مەبەست و گرنگییەی لەم ڕەمانەدا هەیە: بە هیوا نەبوون و کەنەدان و خۆاگری و خۆگونجانە لەگەڵ بارودۆخێکی چاوەڕوانەکراو و تەنگانەدا.
هەر لە ساڵی (١٧١٩) دا، (ڕۆبەرت سامبر) چەند چیرۆکێکی لە (چیرۆکەکانی دایە قازم) کە لە نووسینی (چارلز پیرۆ)ی فەرەنسیە، لە فەرەنسیەوە وەرگێڕان بۆ ئینگلیزی و چاپیانی کرد. کە ئەم چیرۆکانەن (ساندرێلا، جوانە نووستووەکە، ریش شین). بەو مەبەستەی کە منداڵانی ئینگلتەرا چێژ و خۆشییان لێوەربگرن.

(جۆناسان سویفت: ١٦٦٧ـ ١٧٤٥) نووسەر و سیاسەتمەدارێکی (ئینگلیزی ـ ئیرلەندی) بوو. بە نووسەرێکی بابەت گاڵتەجاڕی و توانج ناسرابوو. جۆناسان لە ساڵی (١٧٢٠) دا، کتێبێکی لێژر ناوی (گەشتەکانی گوللیڤەر) دا چاپکرد. بریتییە لە چوار کتێب و باس لە چوار گەشتی خەیاڵی بە وڵاتانی دوور و نامۆ و سەیر دەکات. جۆناسان چۆند ڕەمانێکی تریشی نووسیوە، لەوانە: (جەنگی کتێبەکان)، (نامەکانی بازرگانێکی کوتاەفرۆش)، (پێشنیارێکی سارد).
(جۆن نیوبەری) گەشتەکانی گوللیڤەری کورت کردوونەتەوە و بە شێوە و شێوازێکی ئاسانتر و بە زمانێکی سووکتر، دووبارە بە منداڵان دایەشتوونەتەوە و چاپیکردوون.
بەمەش جۆن نیوبەری، ئەم گەشتانەی خستە نێو چوارچێوەی ئەدەبی منداڵانەوە.
هەر چوار گەشتە، کراون بە فیلمی کارتۆن و بە زۆربەی زمانەکان دەبلاج کراون.
(جۆن نیوبەری : ١٧١٣ــ ١٧٦٧)هەندە لە لێکۆڵەرەوەرەکان پێیانوایە کە ئەدەبی ڕاستیی منداڵان لە ئینگلتەرادا، لە (جۆن نیوبەری) یەوە دەستی پێکرد. نیوبەری لە بواری ئەدەبی منداڵاندا، بە تایبەتیش لە چیرۆکنووسیندا، نووسەرێکی بەتوانا بوو. ڕێکی زۆری هەبوو لە گێشکردن و پێشکەوتنی ئەدەبی منداڵان لە ئینگلتەرادا. جۆن نیوبەری خاوەنی یەکەمین کتێبخانەی منداڵانە لە جیهاندا. نیوبەری لە ساڵی (١٧٤٤) دا، کتێبێکی بە ناوی (کتێبی بچووک و جوانی گیرفان) ی نووسی و چاپیکرد و باڵاویکردەوە. لە ساڵی (١٧٦٥) دا، چیرۆکێکی بە منداڵان لێژر ناوی (جووتە پێاوی باش) دا، نووسی و چاپیکرد و باڵاویکردەوە.
هەندێک لە توێژەرانی ئەدەبی منداڵان ئەم کتێبەی نیوبەری(کتێبی بچووک و جوانی گیرفان) بە یەکەم کار بە منداڵان دادەنێن، کە ئامانجی خۆشی و شادی منداڵانە. نیوبەری داوای لە نووسەران کرد، کە کتێبەکانی گەورەکان کورت بکەنەوە و بە زمانێکی سووکتر و بە شێوازێکی ئاسانتر، دووبارە بە منداڵان بیان نووسنەوە، تا لەگەڵ توانای هۆشیاندا بگونجێن. تا بڵیان چاپ بکات. نیوبەری زیاتر لە (٢٠٠) کتێبی بە منداڵان چاپکرد و باڵاویانی کردەوە. کە بریتین لە: مەتەڵ، چیرۆکی فۆلکلۆری، ئەفسانەیی، حیکایەت، چیرۆکە میللییەکان. کتێبەکانیش لە ڕووی کوالیتییەوە مەرجی پێویستییان لەخۆگرتوون. بەرگەکانیان ئەستەرن و نەقشێنراون. کاغەزی پەڕەکانیان زۆر باشن و لووسن.

جۆن نیوبەری بەوای بە گرنگی فێرکردنی منداڵان بە ڕەفتاری دروست، بە شێوازێکی نەرم و نیانی و میهرەبانی هەبوو، نەک بە شێوازی گرژی و تووڕەیی و توندوتیژی و ترس و تۆقین. بۆیە نیوبەری بە (باوکی ڕاستی ئەدەبی منداڵان) لە ئینگلتەرادا ناودەبرێت.
لە ئەمریکادا، لە ساڵی (١٩٢٢) هەوە، ساڵانە خەڵاتێکی بۆنرخ، بە ناوی (خەڵاتی نیوبەری) یەوە، دەدرێت بە باشترین نووسەری کتێبی ساڵ لە بواری ئەدەبی منداڵاندا.
شایەنی باسیشە، لە پێش جۆن نیوبەری، نووسەرێک بە ناوی (تی. دەبلیو) کتێبێکی بچووکی (١٢) پەڕەیی لەژێر ناوی (کتێبێکی بچکووک بۆ منداڵانی بچووک) نووسی و چاپیکرد کە کتێبێکی فێرکارییە. وەکو ڕەخنەگر (پیرسی مەیر) دەڵێت، گرنگی ئەم کتێبە لەوەدایە، کە یەکەم بەاوکراویە بە زمانی ئینگلیزی بۆ منداڵان. مەبەستیش ئەوە نییە کە لە ڕووی جۆن نیوبەری کەم بکرێتەوە.
لە سەدەی هەژدەمدا، وەرچەرخانێکی بەرچاو و بازنەکی گەورە لە ئەدەبی منداڵان لە ئینگلتەرا درا. لە سەدەی نۆزدەشدا بناغەی ئەدەبی منداڵان لە ئینگلتەرادا دانرا.
لە ساڵی (١٨٢٨ــ١٨٣٠) دا، کتێبی (حیکایەتکانی باپیرە) ی (سیروالتەر سکوت) پێشوازییەکی گەرمیان لێکرد، کە ورژنەر و سەزداریان لێخۆگرتوون. دوایش خاتوو (کاترین سنگلەر) کە کتێبی (ماڵی ڕوخسەت)ی نووسیوە، بە یەکێک لە گرنگترین کتێبکانی منداڵان دادەنرێت. کە بە بەهاراتی خەیاڵیی پڕوکردووە. ئامانجی کاترین، گەینینی ئەو بابەتانە بوو کە منداڵان دەیانخوێندەوە.
(لویس کارۆل: ١٨٣٢ــ ١٨٩٨) ناوێکی خوازراوە، ناوی ڕاستیی (چارلز لوتویدج دۆدسن) ە. لویس کارۆل چیرۆکنووس و ڕەماننووسێکی بە توانا و بلیمەت و فانتازی بوو. زانایەکی ماتماتیک و وێنەگرێکی فۆتۆگرافی ئینگلیزیی ناسراوبوو. چیرۆکی (ئەلیس لە وڵاتی عاجباتییەکان) کە لە نووسینی (لویس کارۆل) ە، بە یەکێک لە شاکارە ئەدەبییەکانی جیهان بۆ منداڵان دادەنرێت. ئەم چیرۆکە ئەدەبی منداڵانی بردە قۆناغێکی زێرینەوە. بەجگە لەم چیرۆکە، لویس کارۆل دوو چیرۆکی تریشی نووسیوە، ناوکانیان (لە میانەی شووشەوە)، (چۆنبازی).
چیرۆکی (ئەلیس لە وڵاتی عاجباتییەکان) چیرۆکی ئەندێشەیی فەلسەفی و فانتازییە. چیرۆکی کچێکی ڕاستی دەگێڕێتەوە، کە لە

چیرۆکی ستۆکۆکان بەزار ببوو و حەزی بە سەرکەشی دەکرد. چیرۆکی کێژێکی تەمەن (١٢) ساڵان دەگێڕتەوە، کە ناوی (ئالیس)ە. بە دوای کەروێشکێکی گەورەدا رادەکات. لە پێکدا دەکەوێتە ناو چاڵێکی قووڵەوە و خەی لە جیهانێکی خەیاڵی سەیردا دەبینێتەوە. دەوا و دەگێڕت و بە سەرسامییەوە دەوانێت. چاوی بە (داوەک) و (شەرەک) و (پیاوێکی ئاسنین) دەکەوێت. هەموویان دەچن بە لای جادووکەرێک، تا یارمەتییان بدات. شەرەکە ئازایی دەویست، پیاوە ئاسنینەکە دڵی دەویست، داوەکەش هۆشی دەویست. بەڵام ئالیس گیانەوەی بە ماڵەوە دەویست. ئەم چیرۆکە بە چەندین سەرکەشیدا تێدەپەڕێت. کراوە بە فیلمی کارتۆن و بە فیلمی سینەمایی. ئەم چیرۆکە ئازادی و ئازایی بە منداڵان دەبەخشێت. بە متمانە بەخۆبوونەوە ڕووبەڕووی ئەو گرفت و کێشانە ببنەوە کە دەنێ ڕێیان و خەیان چارەسەری ڕێگەی سەرکەوتنیان بە بدەزنەوە.
لویس کارۆل لە دژی ڕەباز و شێوازە کلاسیکییە چەقبەستووەکاندا، کە منداڵان لەیان وەرست و بەزار ببوون، شۆشێکی لە ئەدەبی منداڵانی بەرپاکرد. گەرچی (١٥٨) ساڵ بەسەر چاپکردن وبڵاوکردنەوەی ڕەمانی (ئالیس لە وڵاتی عاجباتییەکان) تێپەڕیوە، بەڵام تا ئەمڕۆش منداڵان بە پەرۆشەوە دەیخوێننەوە و چێژێکی زۆری لەوەردەگرن.
ماوەی ساڵانی (١٨٩٤ـ ١٩٠٨) بە گەشترین ماوەی کتێبی منداڵان لە ئینگلتەرا دادەنرێت. کە لەو ماوەیدا، کتێبکی زۆری نەسەرانی ناسراو لە مەژووی ئەدەبی منداڵاندا، چاپکران و بڵاوکرانەوە.
زۆر بە کورتی ئاماژە بە ناوی هەندە لە نووسەرانی ناسراوی تری ئینگلیزی لە بواری ئەدەبی منداڵاندا لە ئینگلتەرا دەدەین:
(کینیت گرام: ١٨٥٩ـ ١٩٣٢) بە ناوباگترین کارکانی (با و دار بییەکان)ە کە کارکی نەمرە لە ئەدەبی منداڵاندا. ناوی دوو کتێبی تری کینیت بە منداڵان (سەردەمی زڕین، ئۆژدیهای یاخی) یە.
(رودیارد کیلنگ:١٨٦٥ ـ ١٩٣٦) لە ساڵی (١٩٠٧) دا، خەڵاتی (نۆبڵی لە ئەدەب) دا وەرگرت. کە بچوکترین براوەی ئەم خەڵاتە و یەکەم ئینگلیز بوو کە ئەم خەڵاتەی وەگرت. گرنگترین کارکانی بە منداڵان (کتێبی جەنگەڵ) کە بریتییە لە کۆمەڵک سەرکەشی لە دارستاندا. پاڵەوانکەی منداڵەکە لەگەڵ ئاژەڵ دەندەکاندا دەژی. ئەم چیرۆکە بە ناوی زنجیرەی (ماوکلی کوڕی دارستان) ەوە، کراوە بە چەندین فیلم و سەرکەوتنکی جیهانییان

بەدەستهێناون.
(هێلین بیاتریکس پۆتەر: ١٨٦٦ـ ١٩٤٣) ژنە ڕەمانووس و زانایەکی سروشتی و وێنەکێش و شاعیرەکی ناسراوی ئینگلیزییە. چەندین چیرۆکی بۆ منداڵان نووسیوە. هێلین شێوازێکی جیاوازی لە نووسیندا بۆ منداڵان هەیە. کە بە ناسکی و بە ساکاری و شارەزایی و شێوازێکی تازە بۆ منداڵان دەنووسێت. چیرۆکەکانی لە هەموو جیهاندا بڵاوبوونەتەوە. بەشێکی زۆری چیرۆکەکانی کراون بە فیلم کارتۆن. بەرزترین کارکتەرە داهێنراوەکانی (کەروێشکە پیتەر، سمورە نۆتکین، پشیلە تۆمی بچکۆلە).
(روالد دال: ١٩١٦ـــ ١٩٩٠) ڕەمانووس و سیناریۆنووسە، بە ناوبانگترین نووسەری منداڵانە لە ئینگلتەرا، زۆرترین ژمارەی ڕەمانەکانی لە جیهاندا فرۆشراون. زۆربەشیان کراون بە فیلمی کارتۆن. چەندین خەڵاتی بۆنەرخی جیهانی وەرگرت. لە ئینگلتەرادا مۆزەخانەیەکی بە ناوییەوە هەیە (مۆزەخانە و مۆبەندی چیرۆکەکانی روالد دال) کە کارەکانی و وێنەکانی تێیدا پارێزراون. گرنگترین کارەکانی بۆ منداڵان:(تیمساحێکی زۆبڵاح، چەتەوەکی کۆتەی میهرەبان، دانی پاڵەوانی جیهان، قەڵەکی زۆبڵاح).
(جاکلین ویلسۆن: ١٩٤٥) ژنەکە شایەدای کۆکردنەوەی کتێبی منداڵانە. یەکێکە لە ناسراوترین نووسەرانی ئەدەبی منداڵان لە ئینگلتەرادا. بە زۆریش بە هەرزەکاران دەنووسێت. چیرۆکەکانیشی بەوە ناسراون کە پڕن لە خۆشی و لە خەیاڵ، زیاتر لە (١٠٠) کتێبی نووسیوە. سەرەڕای کارەکانی لە تەلەفزیۆن و لە رادیۆدا. چەندین خەڵاتی گرنگی لە ئەدەبی منداڵاندا وەرگرتووە.
(جوان ڕالینگ: ١٩٦٥) کەڵە ڕەمانووسێکی بواری ئەدەبی منداڵانە. نووسەری زنجیرە ڕەمانی جیهانی (هاری پۆتەر)، کە بە ناوبانگترین زنجیرە ڕەمانە لە جیهاندا. وەریانگەڕاون بۆ (٨٠) زمان لە جیهاندا. ئەم ڕەمانە هەشت بەشە یا هەشت کتێبە، تا ئێستا چەندین خەڵاتی لە ئینگلتەرا و جیهاندا بردۆتەوە، لە مێژووداش زۆرترین ژمارە بەرگەکانی کتێبی (هاری پۆتەر) فرۆشراون. کە زیاتر لە (٤٥٠) ملیۆن دانە لە کتێبی (هاری پۆتەر) لە جیهاندا فرۆشراوە. ئەم ڕەمانە کراوە بە فیلمی سینەمایی. یەکێک لەو فیلمانەش، زۆرترین پارەی لە جیهاندا بە دەست هێناوە. ئەکتەرە بەشداربووەکانی هاری پۆتەر، لە ڕەی ئەم فیلمانەوە دەوڵەمەند بوون.
جوان ڕالینگ لە ڕەی ڕەمانی (هاری پۆتەر)ەوە، سەرمایەیەکی زۆری

دەستکەوت و بووە بە ملیۆنێر. بووە بە یەکەم نووسەریش کە ئەو پارە زۆرە لە رێی نووسینەوە بە دەست بهێنێت. لەپاش نووسینی رۆمانی هاری پۆتەر، جوان رۆلینگ زۆر بە هێزاری دژیا، بە کۆینی شیر بە کچەکەی پارەی لە هاوڕێکانی قەرزدەکرد. بۆیە بڕێکی زۆری پارەکەی بەخشیوە بە پرۆژە خێرخوازییەکان. جوان رۆلینگ لە ساڵی (٢٠١٠) دا، وەکو ژنێک کە زیاترین کاریگەریی لە ئینگلتەرادا هەبووە هەڵیان بژارد. جوان رۆلینگ یەکەکیشە لە (١٠) ژنە ناودارەکانی جیهان و لە ریزبەندی چوارەم دایە (ئەنگیلا مێرکل، گلۆریا ماری، ئیندێرا گاندی، جوان رۆلینگ،...)
جوان رۆلینگ منداڵانی زۆر خۆشدەوێت. تا ئەمڕۆش بەردەوامە لە نووسین بۆ منداڵان بۆ تایبەتیش چیرۆکیان بۆ دەنووسێت، دەڵێت:"درێژە بە نووسین بۆ منداڵان دەدەم، چونکە لە راستیدا چێژ و خۆشی لەمەدا دەبینم".
لە نووسینەکمدا لە ژێر ناوی (کێڵە رۆمانووسی منداڵان جوان رۆلینگ) کە لە مانگی (٢/٢٠١٨) دا، لە سایتەکاندا باوکردەتەوە، بە درێژی باسی جوان رۆلینگم کردووە.
بەجگە لەو نووسەرانەی کە باسیانم کرد. چەندین نووسەری تری ئینگلیزی لە بواری نووسینی ئەدەبیاتی منداڵاندا، بەرهەمی نایاب و ناوبانگیان لە ئینگلتەرادا هەیە.

ڕەزا شوان
نەرویج: ٢٠٢٣
(*) بە نووسینی ئەم باباتە، سوودم لە چەندین سایتی ئینگلیزی و نەرویجی و عەرەبی وەرگرتووە.

ژیان دەکەمە ناونیشان.. فەرهاد کەریم

گلەیی دەکا خاوەن ئاکاری بەرزو دڵی باش
نەرمە لە ناو مردنی ئەمڕۆ و ژیانی سبەی
برین رژاوەتە ناو برین رەقبووە ژیان

گەردەلوول پێدەکەنێ، مردن رژاوەتەێ کورتی ژیان
ژیان پێ بووە لە رەقی مردن
مردنم رژاوەتەوە ناو ژیان
ژیانم رژاوەتەوە ناو مردن
ژیان و مردنم لە شەێدان
فرمێسکی زێری رشت ژیان، گریانی نەبرد مردن
پێ بووەێ گریان، ماندووە ژیان، تینووە مردن
لە مردن راناکەم، ژیان ناخەمە گۆڕ، تەرمم ناچێتە گۆڕستان
لە مردن دڵمەدەرێ ژیان ناونیشان
ژیان برژێ مردن دەگات
مردن بگات ژیان دەژێ
لەوەتەی هەم لە شەێدام
مردنم رژاوەتە ناو ژیان
ژیانم رژاوەتە ناو مردن
با جەنگ بەردەوام بێ
ژیان بژێ و مردن نا
مردن بژێ و ژیان نا
ژیان رووە مردن نا
رێمەدە مردن ژیان تاریک کا
دەزانم مردن هەڵدێ و ژیان نەچیر
بێ ئەوەی بژیت فڕە لە هەڵدکە و مردن دواخە

تابلۆ.. ستار ئەحمەد

چرکەیەك لەئاگر دەخوازم
ماچێك بەگڵ دادەگیرسێنم
لەوێك لەگەڵا دروستدەکەم
بەقەد ژمارەی چرکان
لەگەڵ بووندا دەکەومە سەما
هەڵپەڕکێی … داگیرسان
هەڵپەڕکێی …راموسان

هەپەکەی.. چاوبەکە
هەپەکەی.. پشبەکە
هەتا تەخم و
توانەوە لەتدا
بەسەر بەرامەی خاکدا پەخشدەکەم
لەوەتی چیاکان بەزمانی بەفرەوە دەگرین
مەلێك هێلانەی خەی جێناهێ
کوکوختیەك.. لەبزەوی بچووەکانی وەسنابێ
منیش ناتوانم بێتێ ژوانێك بەخسنم
تێ نیگات وردە بەفرەو
سزت دوندی سەخت و
رامانت لەگەێ هەورە دووەکاندا دەلەنگێ
منیش مەستم بەبوونی دووکەێ
لقی دارهەنارێکی سووتاوم
لەوەتی ئاگر برمی سووتاندوە
نیگام هەوەدای گوی سووەو
چاوانم تینووە
بێ مەزەی سوێکی مەزاری روانین
دەستەکانم لەگێ هەدەکشم
لەگەێ ژاکانی گوێ و
بەربوونەوەی بولبولێکی حەسرەتا
دم لەجەستەم جودەبێتەوە
رحم بەباران ئاشنا دەبێ
نەنمەیەك
گەواەی عومرم تەدەکا
نەبارانك تابلیەك دەنەخشنێ
لەسبەری باات بکا

ستار ئحمد